# هەڕەشەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2024

(دوژمنەکان زۆر بوون؛ پێشوەختە دەبێ کەمێک لە هاوکێشەکانی ئاییندە ڕامێنین)

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین**، شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران

**ڕووداوەکان پێش ناخەین، پێشیان دەکەوین**

ئەمە فەلسەفەی گریمانەییی دەسەڵاتە؛ ئەوەیش بۆ ئەو دەسەڵاتەی کە مەبەستیەتی بمێنێتەوە و بەردەوام بێت، بەردەوام پێش ڕووداوەکان دەکەوێ، نەک پێشیان بخات و، گریمانەکان لە کاتی خۆیدا تاوتوێ دەکات، نەک دوای کارەساتەکان. شرۆڤەکان هەرچەندە هەندێکیان هەندێ جار بێماناش بن، بەڵام بیرکردنەوە لێیان و خوێندنەوەیان و دانانیان لە ڕیزبەندی ئەگەرەکان، کارێکی زۆر باشترە. ئێمەی کورد و بەتایبەت دەسەڵاتی سیاسیی کورد، خۆزگە قووڵتر و وردتر و پێش ڕووداوەکان شرۆڤەمان بۆ دەکردن و مەترسیی هەڕەشەکانمان زووتر دیاری دەکرد. هەندێ جار پێمان سەیر بوو، کە چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەورووپی یان ئەمریکیمان دەخوێندەوە باسی بیست یان چل ساڵی ئاییندەی دەکرد؛ ئەو کاتە پێمان سەیر بوو، بەڵام ئەو لێکۆڵینەوە گریمانەییانە، زۆرێکیان بەڕێژەیی هەروا دەرچوون. ئەوان ڕێکاری پێویستیان گرتە بەر و خۆیان پاراست، ئێمەیش تەنیا گومانمان هەبوو و هەندێ جاریش ئەوانمان بە ترس و دڵەڕاوکێ تۆمەتبار دەکرد.

**پوختە: دەسەڵاتی سیاسیی کوردی بەتایبەت و سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بەگشتی، دەبێ بایەخی زیاتر بەم ڕەهەندە بدات. دەبێ سەنتەرە ستراتیژییە ڕاوێژکارییەکان دەرفەتی زیاتر و بایەخی پتریان پێ بدرێ و کارئاسانییان بۆ بکرێ، چونکە لە سەرتاسەری دونیادا ئەوە سەلمێندراوە کە بەرپرسەکان، ناتوانن لە هەمان کاتدا جێبەجێکار بن و بەپێی پێویست بیریش بکەنەوە. هەر بۆیە دروشمەکە "پێش ڕووداوکەوتن"ە، نەک "پێشخستنی ڕووداوەکان".**

هەڕەشەکانی سەر هەرێم لە دووتوێی دوو ڕەهەنددان: ئەوانەی کە بونیادە سیاسییەکەی هەرێم خۆی دروستیان دەکات و هەندێکی تریش کە لە دەرەوەی خۆی بۆی دێن. بەڵام هەرگیز ئەوانەی دەرەوەی سیستەمەکە بەقەدەر خۆماڵییەکان کاریگەر نین؛ ئەوەی کە حکوومەتی هەرێم زیاتر پێوەی دەناڵێنێ، هەڕەشەکانی ناوخۆی خۆیەتی. لەو نێوەدا دەتوانین هەڕەشەکانی سەر هەرێم بۆ ساڵی 2024 لەسەر چەند ئاستێک کۆیان بکەینەوە: هەرێم، عێراق، ناوچەکە، جیهان.

**لەسەر ئاستی هەرێم**

1. **حکوومەتی هەرێمی کوردستان**

لەوانەیە ئەمە ناونیشانێکی سەیر بێت، بەڵام کاریگەرترین هەڕەشە لەو نێوەندەدا حکوومەتی هەرێم خۆیەتی.

ئێستا ئەو کاربەڕێکەرە، بەڵام لە بەردەم چەندان پرسی چارەنووسسازدایە کە ناتوانێ بەبێ پەرلەمان بڕیاریان لەسەر بدات. ئەم حکوومەتە یەکانگیر نەماوە، ئەوەیش وای کردووە کە نەتوانێ تەنانەت لە کاربەڕێکەرییشدا بەئاسانی بڕیار بدات. لە بەرپرسیارێتیدا تەنیا یەک لایەن شانی داوەتە بەر کارەکان، ئەوی دی تەنیا بەشداری ئەودیو پەردەیە، کە مەبەستی زیاتر دزێوکردنی لایەنی یەکەمە؛ چونکە چاوی بڕیوەتە هەڵبژاردن و هەر لە ئێستاوە کاری بۆ دەکات؛ تەنانەت نایشهێڵێ هەڵبژاردن بکرێ ئەگەر بەپێی مەرجەکانی ئەو نەبێت. لەوەیش زیاتر، لە هەندێ کاتدا وا هەست دەکەی کە حکوومەتی هەرێم ئەو بەرنامەیەی کە لە سەرەتای پێکهێنانییەوە ڕای گەیاندبوو، ئێستایش دوای پێنج ساڵ و ئەو هەموو گۆڕانکارییە لە نفووز و پێگە و گوشارەکانی بەغدا لەسەری و تێکچوونی ڕیزەکانی حکوومەت و نەمانی پەرلەمان و...، هەر لەسەر ئەو بەرنامەیە بەردەوامە. ئەوکات دەرفەتەکانی بەردەمی ئاسایی و ئەرێنی بوون و مووچەیش بەردەوام بوو، نەوتی هەرێم هەنارده دەکرا، پلانەکانی بەغدا بەو قەبارەیە توند نەبووبوونەوە، هەندێ سیاسەتی حکوومەتی هەرێم و ڕێکارەکانی بەنەرێنی لەسەری شکانەوە: کەیسەکانی ڕادەربڕین، گوشارە زۆرەکانی باجوەرگرتن، توندی لە بەرامبەر یەکێتیی نیشتمانی، درێژکردنەوەی پەرلەمان، هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی پێشینەکان کە خەرج کرابوون، وەک هاوسەرگیری و خانووبەرە، نوێترینیان سیاسەتی دە نان بە هەزار دینار و هتد.

**پوختە: دەبێ حکوومەتی هەرێم لە مافە بنەڕەتییەکاندا پارێزەر و یاریدەدەر بێت لەگەڵ خەڵک نەک لە بەرامبەریان بوەستێ. حکوومەتە کاربەڕێکەرەکان هەمیشە زۆر بەهەستیاری مامەڵە دەکەن و هەرچییان پێ بکرێ بۆ ئاسانکاری و دابینکردنی بژێوی و خزمەتگوزاری، دەیکەن، نەک ڕووبەڕوویان ببنەوە؛ چونکە هەر کاتێک چووە سەر ئەو بارە، چەندان سیناریۆی بۆ دروست دەکرێ و لە ئاکامدا زەفەری پێ دەبەن. کەواتە حکوومەتی هەرێم بۆ چارەسەری گرفتەکان، دەبێ هەوڵەکانی بەردەوام و زیاتر بکات بە مەبەستی دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ خەڵکی هەرێم و، لە هەوڵی ڕێککەوتندا بێت لەگەڵ بەغدا و گۆڕانکاری لە بەرنامەکەیدا بکات؛ بەو پێیەی کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا بگونجێ نەک سەردەمی ئاساییی سەرەتای کابینە، یان تەنیا ئەو بەندانە جێبەجێ بکات کە ژیانی بنەڕەتیی خەڵکی باشتر دەکەن.**

2. **پەنگخواردوویی پرۆسەی سیاسی**

هەڕەشەکانی سەر هەرێم زۆرێکیان لەم ڕەهەندەوە دێن، ئەوانیش وەک:

- **ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم؛** کە دەبێتە مایەی ئەوەی لایەنەکان زیاتر لە یەکتری دوور بکەونەوە و تەبایی و یەکڕیزی ڕەواجی نەمێنێ، چونکە هیچ ڕایەڵەیەک یان بابەتێک نابێتە هۆکاری لێکنزیکبوونەوە. تەنانەت نەک هەر ئەوە بەڵکوو لایەنەکان، تایبەت ئەوانەی کە بەشدار نین لە حکوومەت، تا بۆیان بکرێ پەرگیر دەبن، تا هیچ گلەییەکیان لەلایەن جەماوەرەوە نەیەتە سەر. یەکێتیی نیشتمانییش وا خۆی پیشان دەدات کە هیچی بەدەست نییە و تەواوی کارەکان و دەسەڵاتە کردارییەکان لە "پارتی دیموکرات"دا چڕ بوونەتەوە.
- **حکوومەت کاربەڕێکەرە؛** هەر بۆیە ناتوانێ بڕیاری یەکلاکەرەوە بۆ پرۆسەی سیاسی بدات، چونکە هەندێ لە لایەنەکان نەک هەر مامەڵەی لەگەڵ ناکەن، بەڵکوو دژایەتییشی دەکەن و بەردەوام لە هەوڵیشدان هەر نەمێنێ و، پەنایش دەبەن بۆ بەغدا بۆ لەباربردنی قەوارەکە.
- **پەنگخواردوویی پرۆسەی سیاسی دەبێتە هۆکاری لێکدوورکەوتنەوەی لایەنەکان؛**

لێکدوورکەوتنەوەیش دەبێتە مایەی دژایەتی و زیاتربوونی حاڵەتی ململانێ و دژایەتیی لایەنەکان دژ بە یەکتر، بەتایبەت بەرامبەر حکوومەتی هەرێم و پارتی دیموکراتی کوردستان.

- **ئەو پەنگخواردووییە لە ڕوانگەی خاڵی سێیەمیەوە دەبێتە مایەی بەردەوام کەمبوونەوەی هەیبەت و هەژموونی حکوومەتی هەرێم**؛ سەرەنجامیش ئاشوب و پەرتەوازەیی زیاتر و جیاکردنەوەی سلێمانی لە هەرێمی کوردستان.
- **یەکێک لە ناوەندەکانی بەتاڵکردنەوەی ململانێی سیاسی کە بەرەو ئاشوب و نالەباری نەچێت، بوونی پەرلەمانە**؛ نەمانی ئەو دامەزراوەیە لە لایەک بۆتە مایەی دروستبوونی بۆشاییی یاسایی و، لە لایەک لێکترازانی ناوخۆ و بەرەو ئاشوبچوون.

### 3. ناڕەزایەتییەکانی خەڵک

حکوومەتی هەرێم ئەوەی کە لە بەرنامەیدا بوو، ناتوانێ جێبەجێی بکات و داواکانی خەڵک بێنێتە دی، بەتایبەتی مووچە. پرۆسەی سیاسییش دووچاری پەنگخواردوویی بۆتەوە. هەر بۆیە لەو بارەیەوە دەتوانین جەخت لەسەر چەند بابەتێک بکەینەوە:

- **ناڕەزایەتییەکان زۆر دەبن؛ ئەوەیش ئامانجی بەغدایە.** بایکۆتەکان لە هەندێ شوێنی هەرێم، بەتایبەت لە سلێمانی، حکوومەت شەکەت دەکەن. نزیکەی سەد هەزار کەس لە چاوەڕوانیی گەڕانەوەدان بۆ هۆڵەکانی خوێندن کە تەنیا پۆلی دوازدەن، و چارەنووسیان نادیارە. ئەو ژمارەیەیش بەشی بزاڤێکی یاخیبوو دەکات، تا حکوومەتی هەرێم بەگیر بێنێ و لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمیش پشتیوانی بۆ خۆی پەیدا بکات.
- **ئەو بارودۆخە هۆکارێکی ئەرێنییە تا هەندێ لایەن بتوانن خەڵکی بێننە سەر شەقام و پشتیوانییان لێ بکەن**؛ لە بەرامبەریشدا حکوومەت ناتوانێ داواکانیان بێنێتە دی. لەو حاڵەتەیشدا بە دوای دەسەڵاتێکی دیدا دەگەڕێن تا داخوازییەکانیان بێنێتە دی، ئەگەر بەغداش بێت.
- زۆرێک خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی لە پارێزگای سلێمانی ڕوویان دا، کاریگەرییان بۆ سەر حکوومەت کەم بوو؛ دوور نییە **لە ئەگەری زیاتر دوورکەوتنەوەی دوو لایەنە سەرەکییەکە، یەکێتی هەوڵی هەناردەی ناڕەزایەتی بۆ هەولێری پایتەخت بدات و پشتیوانییان لێ بکات.** لەو کاتەیشدا حکوومەت و پارتی دیموکرات لە بەردەم واقعێکی دژواردا دەبن؛ یان دەبێ وەڵامی ئەرێنییان بۆی هەبێت- کە نەهێشتنی حکوومەتی هەرێم و پارتی دیموکراتە چونکە هەر لە بنەڕەتدا ناڕەزایەتییەکان بەلاڕێدا دەبرێن و دژ بە حکوومەت و پارتی ئاڕاستە دەبن- یان دەبێ پارتی دیموکرات و حکوومەت دژ بە ناڕەزایەتییەکان بوەستنەوە؛ کە ئەویش لە ناوخۆ و دەرەوە زۆر لەسەر ئابڕووی سیاسی و نەتەوەیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەوێ.
- **قەیرانی بێکاری و زۆربوونی ژمارەی گەنج؛** ئەویش دیاردەیەکی بۆمبڕێژکراوە، کە ئەگەر ئاوڕێکی جددی لێ نەدرێتەوە، سێ دیاردەی ترسناک بۆ حکوومەتی هەرێم و کۆمەڵگە دەنێنەوە: ئاشوب و تاوان، توندڕەوی و زەفەرپێبردنیان لەلایەن هەندێ گرووپەوە، وێرانکردنی سیستەمی بەهاکانی کۆمەڵگە. چارەسەری ئەو سێ دیاردەیەیش پێویستی بە نزیکەی پازدە ساڵ دەبێ، بێجگە لە تێچووی دارایی کە زۆر ئەستەمە بۆ کۆمەڵگەی کوردستانی و حکوومەتی هەرێم.

**پوختە: بۆ چارەسەری ئەو پەنگخواردووییە، پێویستە لەسەر حکوومەتی هەرێم: بەردەوام لە پەیوەندیدا**

**بێت لەگەڵ لایەنەکان، بەتایبەت لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمەوە، چونکە چەندان لایەن حکوومەت بە هی خۆیان نازانن بەڵام هەمان هەڵوێستی نەرێنییان بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم نییە. پێویستییەکی تریش بریتییە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن، کارکردن لەسەر باشترکردن و دابینکردنی مووچە و بژێوی خەڵک، بایەخدان بە خزمەتگوزارییەکان، هەوڵدان بۆ بەدەمەوەچوونی داواکارییەکانی خەڵک و لێکنزیکبوونەوە لەگەڵیان نەک گوشاری زیاتریان بۆ بهێنرێ.**

### 4. قەیرانی بەها و ئینتما

ئەمە لە هەموویان کاریگەرترە. تەنیا مەبەستمان لە بەها ئاکاری و ئایینییەکان نییە، تەنانەت بەهاکانی کۆمەڵگە و نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیش کەوتوونەتە مەترسییەوە. ئەگەر سیستەمی بەهاکان بکەوێتە مەترسییەوە، ئەوا دامەزراوەکانی حکوومەت هەرگیز ناتوانن بەر بە داڕووخانی قەوارە نەتەوەیی و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەی هەرێم بگرن، چونکە هەر کاتێ بەهاکان ڕوویان لە لاوازی کرد، ئەوا گومان لەوەدا نییە بەهای نیشتمانییش کەم دەبێتەوە. ئەگەر لە دیدی نەوەی نوێ و گەنجاندا بەهای نیشتمان کەم بووەوە، ئەوا ئینتمایشیان کەم دەبێتەوە. ئەو دەمەی ئینتمایش نەما، ئێمە چووینەتە قۆناغی داڕووخانی کۆمەڵگەوە. ئاکامیش دوژمن لەبەر دەرگامان دەبێ. بە هاتنی دوژمنیش، داڕووخانەکە لەلایەن ئەوانەوە زیاتر تەشەنەی پێ دەدرێ.

**پوختە: بۆ ئەوەی کە سیستەمی بەهاکانمان پارێزراو بێت، پێویستە: مووچە و بژێوی هاووڵاتیان مسۆگەر بکرێ، خزمەتگوزارییەکان دابین بکرێن، شەفافیەت هەبێ، خەڵکی هەست بە دادپەروەری بکەن، بەرپرسەکانمان لە خەمی ئابڕووی سیاسی و نەتەوەییی خۆیاندا بن، دەرفەت بدرێ بە بواری کەلتووری نەتەوەیی و سیاسی و ئایینی هاوسەنگ، تا دەمەزەردی بەهاکان بە هەستێکی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە بکرێتەوە، لایەنە سیاسییەکان یەکڕیز بن و یاسا سەروەر بێ.**

### 5. لێکدوورکەوتنەوەی زیاتری پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

لە سەدا هەشتای هەڕەشەکان، لە لێکدوورکەوتنەوەی ئەو دوو لایەنە سەرەکییەی هەرێمەوە سەرچاوەیان گرتووە. پێچەوانەکەیشی دروستە؛ بەوەی هەر کاتێک ئەو دوو لایەنە یەکڕیز دەبوون، دەستکەوتەکان زۆرتر و مسۆگەرتر و گوشارە دەرەکییەکانیش کەمبەها دەمانەوە و کاریگەرییان نەدەبوو. هەر بۆیە ئەو لێکدوورکەوتنەوەیە بەرنجامەکەی:

- نەمانی پەرلەمان بوو؛ لەوەیش مەترسیداتر، بووە مایەی بۆشاییی یاسادانان لە هەرێم.
- لەکەداربوونی ئابڕوو و پێگەی هەرێم لەسەر هەردوو ئاستی ناوەوە و دەرەوە.
- نەبوونی پرۆژە و ئەجێندای سیاسیی هاوبەش؛ هەر یەکەو بەلایەکدا ڕۆیشتن، بەتایبەت یەکێتیی نیشتمانی زۆر لە بازنەی حکوومەتی هەرێم دوور کەوتەوە و مەتەرێزسازدانەکەی گەیاندە بەغدا.
- هاتنەناوەوەی ئێران و بەغدا زیاتر لە جاران و، هەوڵیان بۆ لەباربردنی قەوارەی هەرێم و پارتی دیموکراتی کوردستان.
- کەمبوونەوەی هەیبەتی حکوومەتی هەرێم لە بەغدا؛ تا ئەو ئاستەی کە هیچ حیسابێکی یەکلاکەرەوەی بۆ نەکەن لە هاوکێشەکان. لەوەیش زیاتر، گەمە بە شایستە دەستوورییەکانی خۆیشی دەکەن.

**پوختە: بۆ چارەسەری ئەو هەڕەشەیە، پێویستە: پێش هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان سەرلەنوێ ڕێککەوتن لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بە دابەشکردنی دەسەڵات و سامان بکرێتەوە، ڕێککەوتنی هەردوو لا لەسەر ناوچە دابڕێنراوەکانی دەرەوەی هەرێم سەبارەت بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ساڵی 2023 لە کەرکووک و نەینەوا، بەوەی نەینەوا بدرێتە پارتی و کەرکووکیش بۆ یەکێتی، بوونی ئەجێندای هاوبەش، پێدانی سەرۆکایەتیی هەرێم بەو شێواز و دەسەڵاتەی ئێستا کە هەیەتی بۆ پارتی و، سەرۆکوەزیران بۆ یەکێتیی نیشتمانی، کە ئەمەیش دەبێتە هۆی هاتنەوەی پارێزگای سلێمانی بۆ ناو هەرێم و، دامەزراوەی پەرلەمانیش بۆ حزبی سێیەم کە "پارتی دیموکراتی کوردستان"ە و، دەرفەتی جووڵەی زیاتر دەبێ لە بەرامبەر حکوومەت و تەحەکووم بە پڕۆژەیاساکانەوە، تا بەرپرسیارێتییەکە دابەش ببێ و چیدی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبێتە سووری بەرلەشکر، لە بەرامبەریشدا جۆشدانی گوتاری نەتەوەیی و نیشتمانی لەسەر ئاستی شەقام، تا حکوومەت لەو ڕێڕەوە لا نەدا. بەو ڕێگەچارانە هەڕەشەی ئێران کەم دەبێتەوە و گوشارەکانی بەغداش ئەو سیمایە لەدەست دەدەن کە تەنیا دژ بە پارتی دیموکرات بن، بەڵکوو زیاتر دژەنەتەوەیی دەنوێنن.**

6. **قەیرانی ئابووری**

هەڕەشەیەکی زۆر مەترسیدارە؛ کاریگەریی کردۆتە سەر دوو سێکتەری بنەڕەتی و سەرەکیی کۆمەڵگە: سیستەمی بەهاکان و پرۆسەی سیاسی و نەتەوەییی گەلی کوردستان؛ بە جۆرێک کە لەژێر ئەو گوشارەدا لایەنەکان لە زۆر ڕەهەندی نەتەوەیی پاشەکشەیان کردووە. هەر ئەو قەیرانەیشە کە ناهاوسەنگیی لە نێوان هەڵوێستی بەغدا و هەرێم هێناوەتە ئاراوە، بە جۆرێک بەغدا ڕۆژ بە ڕۆژ گوشار و مەرجەکانی زیاتر دەکات، ئەویش لە پێناو داڕووخانی کۆمەڵگەی سیاسیی هەرێم و هاندانیان بۆ هەڵگەڕانەوە لە دژی حکوومەتەکەیان. هەر بۆیە ئەگەر قەیرانی ئابووری چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە، ئاکام و ئاییندەیەکی دژوار چاوەڕێی هەرێمی کوردستان دەکات.

**پوختە: بۆ ئەوەی لەو قەیرانە قوتار بین و کاریگەرییەکانی کەم بکەینەوە، پێویستە: لەگەڵ بەغدا بگەینە ڕێککەوتن، مووچەی فەرمانبەران مسۆگەر بکرێ، دەرفەتی بژێوی باشتر بێتە ئاراوە، نەوت هەناردە بکرێتەوە.**

7. **هەژموونی پەکەکە**

ئێران و حەشدی شیعی، بەتایبەت وەلائییەکانی سەر بە ئێران، زۆر بایەخی جددی بە هەژموونی پەکەکە دەدەن لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئەو بەرفراوانبوونە لە هەژموونی پەکەکە دەبێتە مایەی ئەوەی:

- زیادبوونی هەژموونی ئێران و حەشدی شیعی لە هەرێم؛ چونکە بوونی پەکەکە وەک بزاڤێکی کوردی، کەمتر ڕێگریی لێ دەکرێ لەسەر ئاستی خەڵک و دامەزراوەکان لە پارێزگای سلێمانی، لەچاو بوونی هێزی پاسدار و حەشد بە شێوەیەکی ئاشکرا لەو پارێزگایە.
- دەبێتە مایەی زیاتر گەمارۆدانی پارتی دیموکراتی کوردستان؛ بە شێوەیەک کە نەتوانێ لەو پارێزگایە جووڵەی سیاسیی ئازاد بکات. لەوەیش زیاتر، دامەزراوە و کادرەکانیشی بەردەوام لە بەردەم هەڕەشەدا دەبن، بەتایبەت دوای ئەوەی نفووزی پەکەکە گەیشتە گەرمیان و چەمچەماڵ و

لەوێیشەوە بۆ کەرکووک و دواتر بۆ مەخموور و بەیەکگەیشتنەوەی لەگەڵ شنگاڵ.

- دووکەرتبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان؛ کە بەتەواوی هەژموونی نابێ بەسەر 41%ی ڕووبەری سیاسیی خۆی. تەنانەت لەو حاڵەتەدا یەکێتیی نیشتمانی تەنیا وەک ڕووکار لە حکوومەتدا دەبێت و بەبێ بوونی دەسەڵات و بڕیاردروستکردن لە پارێزگای سلێمانی. بەو شێوەیە سلێمانی دەکەوێتە ژێر هەژموونی پەکەکە و حەشدی شیعی.
- لەو حاڵەتەدا کێڕقی ململانێی نێوان پارتی دیموکرات و یەکێتیی نیشتمانی بەرزتر دەبێتەوە و ئاسۆی ڕێککەوتن نامێنێ؛ چونکە هەرگیز پەکەکە و حەشدی شیعی بە لێکنزیکبوونەوە و ڕێککەوتنی ئەو دوو لایەنە ڕازی نابن.
- هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوە و ململانێی نێوان تورکیا و ئێران و گەڕانەوەی دوو-زۆنی بە شێوازێکی کرداری و نەمانی حکوومەتی هەرێم؛ چونکە لەژێر ئەو گوشارانە بۆ سەر پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی زیاتر لە تورکیا نزیک دەبێتەوە و یەکێتییش لە ئێران، بەڵام لە ئێستا زیاتر.
- ئەو هەژموون و دروستبوونەوەی دوو زۆنی، لە کاتی هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانی هەرێمیش بۆ خولی نوێ، دەنگی دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە هەرێمیش دەگرێتەوە، چونکە لە بەرانبەر پشتیوانیی حەشدی شەعبی بۆ هەندێ لایەنی سیاسیی هەرێم، گومان لەوەدا نییە هەندێ داواکاریشیان لەو لایەنانە دەبێ؛ بەمەیش پشتیوانیی دەرەکی بۆ کورد لە هەرێم ناهێڵن. بەڵام پێش ئەوە کۆمەکییەکانی ئەمریکا بۆ وەزارەتی پێشمەرگە بە نادەستووری ئەژمار دەکرێن و، دوور نییە لەلایەن دادگەی فیدراڵییەوە بڕیاری بۆ دەربچێ کە نادەستوورییە. کۆمەکییەکانی ئەمریکا بۆ پێشمەرگە ئەوەندەی کە بایەخی مەعنەویی هەیە، ئەوەندە کاریگەریی ماددیی نییە و قەیرانی داراییی پێشمەرگەی چارەسەر نەکردووە.

**پوختە: پێویستە لەو بارەیەوە جەخت لەسەر چەند ڕێکارێک بکرێتەوە: ڕوونکردنەوەی ئاسەواری ئەو هەژموونە بۆ ڕای گشتی، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی، هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەگەڵ پەکەکە، بەوەی کە ڕێز لە سەروەریی هەرێمی کوردستان بگرێ.**

## 8-: لەسەر ئاستی عێراق دژ بە هەرێم

گرفتی گەورە لەو نێوەدا ئەوەیە، کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی هەرێم ڕوویان کردۆتە بەغدا. حکوومەتی هەرێم چیتر سەنتەری کار نەماوە؛ هەمووان چاوەڕوانی بڕیارەکانی بەغدان. بەمەیش عەقڵییەتی فیدراڵی لاواز بووە. حکوومەتی بەغدا بانگەشەی فیدراڵیبوون دەکات، بەڵام لەگەڵ تەواوی لایەن و کەسەکان لەسەر بابەتەکانی هەرێم کۆ دەبێتەوە، کە ئەوە خۆی پێشێلکردنی دەستوورە. لەو بارەیەوە دەتوانین جەخت لەسەر چەند ڕەهەندێکی ئەو هەڕەشەیە بکەینەوە:

- **بەردەوامبوونی قەیرانی پەیوەندی و ڕێککەوتن لە نێوان هەرێم و بەغدا؛** لێکەوتەکەیشی کەمبوونەوەی بەهای سیاسی و نەتەوەییی کوردە لە عێراق، چونکە کورد خۆیان یەکڕیز و یەکئەجێندا نین. لەو حاڵەتەیشدا هەرێمی کوردستان قەیرانە ئابوورییەکەی بەردەوام دەبێ و زیاتر ناچار دەکرێ بەرەو بەغدا بڕوا و بە مەرجەکانی ڕازی بێت. لەگەڵ ئەو حاڵەتەیشدا داڕووخانی

ناوخۆیی لە هەرێم دێتە ئاراوە؛ ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە کورد گەرچی دەنگی بە بوودجە داوە، بەڵام خۆی هیچ لێی سوودمەند نەبوو. لە لایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی زیاتر لێکدوورکەوتنەوەی پارتی و یەکێتی؛ دووریش نییە پارێزگای سلێمانی داوای جیابوونەوەی بەشەکەی خۆی بکات لە بوودجە، ئەویش بە بیانووی ئەو ناڕەزایەتییە جەماوەرییەی کە لە دژی حکوومەتی هەرێم لە ئارادایە. بەغداش لە بەرامبەردا سوودمەند بووە لە بوودجە؛ لەوەی کە زیاتر حکوومەتی هەرێمی لەقاڵب داوە و لە ڕووی داراییشەوە زیاتر لە 13 ترلیۆن دیناری قازانج کردووە؛ بەوەی کە نەیناردووە بۆ هەرێم.

- **دروستبوونی جەنگ.** هەر جەنگێک کە دروست ببێ، حکوومەتی هەرێم ناتوانێ لێی بەدوور بێت، چونکە دەکەوێتە ناوجەرگەی جەنگەکەوە. لە هەمان کاتیشدا پێویستیی جددیی بە پشتیوانیی دەرەکی هەیە، بەتایبەت گوشارە نێودەوڵەتییەکان بەرامبەر بە گوشارەکانی بەغدا؛ چونکە هەر جەنگێک لە عێراق بێتە ئاراوە، ئێران لایەنێکی سەرەکییە.
- **دادگەی باڵای فیدراڵی،** لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوو، دادگە کاری لەسەر ئەوە کردووە کە کارەکانی هەرێم و بڕیارەکانی هەڵوەشێنێ و بیهێنێتەوە ناو بازنەی سەروەریی عێراقەوە؛ ئەو سەروەرییەی کە خۆیان مەبەستیانە. هەر ئەو دادگەیەیش، بووە بە میکانیزمێک لە میکانیزمەکانی ململانێ لە دژی حکوومەتی هەرێم. لە لایەکی تریشەوە لەقاڵبدانی هەرێم بە هەندێ شرۆڤەی دەستووری و یاسایی، کە عێراق زیاتر لە مەرکەزییەتەوە نزیک دەکەنەوە و لە فیدراڵییەت دووریان خستۆتەوە. لە تێڕوانینی دادگەدا هەرێم بێجگە لە پارێزگایەکی گەورە لە دوای بەغدای پایتەخت، هیچی دی نییە، کە هەر دادگەیشە ڕێ بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور خۆش دەکات؛ گەرچی ئێستا لە عێراق لە ڕێگەی ئەو بڕیارانەی دادگەوە هەموارێکی ناواخنی ناڕاستەوخۆی دەستوور کراوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لۆژیکی دەستوور و یاساکان لە عیراق لە لۆژیکی یاسایی دادگای باڵای فیدراڵی جیاوازە. ئەوەی کە بۆ ساڵی 2024 زیاتر هەڕەشەیە، ئەوەیە: دادگا زیاتر لەمساڵدا کار لەسەر چارەنووسی هەرێم دەکات، بەوەی کە هیچ بەهایەکی بۆ نەهێڵێتەوە وەک یەکەیەکی فیدراڵ؛ بەڵکوو لەوەیش زیاتر دەیکاتە هۆکاری ئاشوب و قەیرانەکانی عیراق، ڕاسپاردەی ئەوەیش دەکات کە دەبێ بەرانبەر دەرچوونەکانی هەرێم لە یاسا (بەبۆچوونی دادگا) پێویستە دامەزراوەکانی حکومەتی فیدراڵ ڕێکاری تایبەت بگرنە بەر، ئەمەیش قۆناغێکی نوێی دژایەتییە و دەرگای پێکدادان دژ بە هەرێم بۆ حەشدی شیعی دەکاتەوە.
- **حەشدی شەعبی؛** ئێستا بۆتە هەڕەشەی جددی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لەسەر هەموو ئاستەکان: ڕووبەڕووبوونەوە، حەشد پشتیوانی لەو هێزانە دەکات کە دژی پارتی و حکوومەتی هەرێمن لە ناوچە دابڕێندراوەکان، بەوەی کە لە دژی هەر هەوڵێک دەوەستنەوە کە نفووزی کورد لەو ناوچانە پەرە بسێنێ. لە بەرامبەریشدا بایەخ بە زیادکردنی نفووزی مەزهەبی و گۆڕینی دیمۆگرافیا و هاوسەنگیی هێز دەدات؛ بۆ نموونە لە نەینەوا بەنیازە نەخشەی سیاسییش بگۆڕێ، بەوەی سوننەکان 13 کورسییان هەیە و چوارچێوەی هەماهەنگییش 12 کورسی، بە دوو کورسییەکەی یەکێتیی نیشتمانییشەوە، کە چوارچێوەی هەماهەنگی لەسەر هاوپەیمانێتیی خۆی ئەژماری کردوون؛ تەنیا کورسییەکانی پارتی ماون بۆ یەکلاییکردنەوەی پێکهێنانی حکوومەتی پارێزگاکە. لە لایەکی تریشەوە کۆمەکی تەواوی یەکێتیی نیشتمانی و تەشەنەکردنی نفووزی میلیشیاکان لە زۆنی سەوز دەکەن و، خۆ ئامادە دەکەن بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداریکردن بە لیستی تایبەت، بەتایبەت لە پارێزگای سلێمانی و هەندێ ناوچەی هەولێر.

- **ڕێککەوتنی عێراق و تورکیا سەبارەت بە هەناردەکردنەوەی نەوتی عێراق؛** هەڕەشەکە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە عێراق هەندێ ئیمتیازات بداتە تورکیا بەرامبەر بە پشتیوانینەکردنی هەرێم. نەمانی پشتیوانیی تورکیا بۆ هەرێم کارەساتێکی گەورە دەبێت. ڕێککەوتنی نێوانیان، دەبێ لە ساڵی 2024 نوێ بکرێتەوە.
- **هێنانی سوپای عێراق بۆ سەر سنوورەکانی هەرێم لەگەڵ تورکیا و ئێران؛** ئەمە یەکێکی ترە لە هەڕەشەکان کە نابێتە هۆی ئەوەی سنوورەکانی عێراق پارێزراو بن لە ڕووی ئاسایشەوە، ئەوەندەی کە مەبەست پێی ئابڵووقەدانی حکوومەتی هەرێم و دەستگرتنە بەسەر دەروازە گومرکییەکانی سنوورەکانی هەرێم و پاراستنی پەکەکەیە لە هێرشەکانی سوپای تورکیا بۆ سەریان؛ چونکە هێزەکانی پەکەکە لەو حاڵەتەدا دەکەونە نێوان سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.
- **قەیرانی ئاو لە عێراق باجەکەی هەرێم دەیدا.** ئەو بڕە ئاوەی لە عێراق هەیە، بەشی پێداویستییەکانی ناکات. تورکیاش لەو بارەیەوە هاوکار نییە. نزیکەی 30%ی ئاوی عێراق لە هەرێمەوە دابین دەبێ. ڕۆژانە نزیکەی چل ملیۆن مەتر سێجا ئاو بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق بەردەدرێتەوە، کە بە نرخی نێودەوڵەتی نزیکەی نۆ ملیار دۆلار دەبێ؛ ئیدی ڕێژەی سامانی ئاو لە هەرێم کەم دەکا یان نا، گرفتی حکوومەتی فیدراڵی نییە.
- **پێداچوونەوە بە پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم؛** ئەمە قۆناغێکی زۆر مەترسیدارە، بەوەی کە هیچ پەیوەندییەکی هەرێم بەبێ ڕەزامەندیی بەغدا بۆ دەرەوەی هەرێم ناکرێ. لەو بابەتەیش وڵاتان ئاگادار دەکرێنەوە. بەو هەنگاوەیش هەرێم سەرەڕای ئەوەی کە پێگە و سەنگی نێودەوڵەتیی کەم دەبێتەوە، هەر ئاواش حکوومەت و سەرۆکایەتیی هەرێم دەبێ ڕوویان تەنیا لە بەغدا بێت و هیچی دی.
- **دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق؛** لەو حاڵەتەدا عێراق و ئێران زیاتر دەستکراوە دەبن دژ بە هەرێم، میلیشیاکان لە هەڕەشەی جددی بەردەوام دەبن، هێزەکانی پەکەکە ئاسانکارییان بۆ دەکرێ، هەوڵەکانی نەهێشتنی قەوارەی هەرێم بە چەندان بیانوو برەویان پێ دەدرێ، پەرتەوازەیی دەکەوێتە ناو لایەنە سیاسییەکانی کورد. تاکە چارەسەر بۆ قوتاربوون، هاتنەئارای هاوکێشەیەکی نوێیە دژ بە ئێران یان حکوومەتی عێراق.
- **دەرکردن یان گۆڕینی نوێنەری یۆنامی بە یەکێکی تری ناهاوسۆز لەگەڵ هەرێم؛** ئێستا زۆرێک لە پەیامەکانی هەرێم بەئاسانی دەگەنە نێوەندە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەت بۆ ئەنجومەنی ئاسایش. هەر لەبەر ئەو بابەتانەیە کە چوارچێوەی هەماهەنگی داوای گۆڕینی دەکەن؛ تۆمەتباریشی دەکەن بەوەی کە لە ئەرکی وەزیفیی خۆی دەرچووە و لایەنگیریی سوننە و کورد دەکات. بەڵام دەرکردنی لەسەر عێراق بەگران دەشکێتەوە، کەچی هەوڵی تەواو دەدەن نوێکردنەوەی کاری بۆ نەکرێ لە عێراق وەک نوێنەری یۆنامی. لەو حاڵەتەیشدا هەرێم هاوسۆزێکی دی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، وەک پشتیوان، لەدەست دەدات.

**پوختە: هەوڵدان بۆ نەبوون بە لایەن لە هەر جەنگێک کە دەکەوێتەوە، ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا، ئامادەکردنی دۆسیەیەک دژ بە حکوومەتی فیدراڵی کە تا کام ئاست دەستووری پێشێل کردووە (بەڵام هەردوو دۆسیەکە لەلایەن پسپۆڕانەوە ئامادە دەکرێ و لە کاتی گونجاودا بۆ چەند دادگەیەکی نێودەوڵەتی بەرز دەکرێنەوە)، ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتی، خۆپاراستن لە بەیەکدادان لەگەڵ حەشدی شیعی (بەڵام**

**پێویستە لە ڕووی سەربازییەوە ئامادەباشیی باش هەبێ)، پاراستنی پتەویی پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا، سوپای پێشنیارکراو بۆ چاودێریی سنوورەکانی عێراقی تورکیا و ئێران دەبێ هاوبەش بێ لە نێوان هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ، بوونی پرۆژەی ئاو لە کوردستان بە پشتیوانیی داراییی بەغدا، چونکە لە دەسەڵاتە هاوبەشەکانە بەپێی دەستوور، پەیوەندییە دەرەکییەکان دەبێ بەهەستیارییەوە ئەنجام بدرێن و دەسەڵاتدارانی عێراق هەراسان نەکات، دەنگنەدان بە دەرکردنی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق، سەرلەنوێ پتەوکردنەوەی پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی سەرۆکایەتیی هەرێم لەگەڵ یۆنامی و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێم و عێراق.**

**لەسەر ئاستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

لەو بارەیەوە سێ سیناریۆ هەن کە وەک هەڕەشە بۆ سەر هەرێم ئەژمار دەکرێن:

- **ڕوودانی جەنگ**؛ کە وەک ئاماژەمان پێ دا، زۆر ئەستەمە هەرێم بتوانێ بێلایەنیی خۆی بپارێزێ. با ڕوونتر بڵێین، لایەنەکانی جەنگ بەو هەڵوێستەی هەرێم ڕازی نابن، چونکە تەواوی هاوکێشەکان ئەوە دەردەخەن کە لە ساتی کەوتنەوەی جەنگ، هەرێم دەکەوێتە ناوجەرگەی ئەو جەنگەوە و وەک "بکەرێکی سیاسیی نادەوڵەتیی ئەکتیڤ" ئەژمار دەکرێ.
- **لێکتێگەیشتنی ئەمریکا و ئێران**؛ ئەمەیش بێ گومان دەبێتە مایەی زیاتر دەستکرانەوەی ئێران لە عێراق و لاوازبوونی پێگە و نفووزی هەرێم لەسەر ئاستی ناوچەکە و عێراق.
- **لێکتێگەیشتنی عێراق و تورکیا و ئێران**؛ ئەویش بەهۆی دوو بابەتەوە: مەترسییەکی هاوبەش یان بەرژەوەندییەکی هاوبەش؛ ئەو دەمەی هەر ڕێککەوتننامەیەک لەو بارەیەوە بکرێ، دەبێتە مایەی کەمبەهاکردنی سیاسی و جیۆپۆلیتیکی هەرێم و نەهێشتنی پشتیوانییەکانی تورکیا بۆ هەرێم. ئاڕاستەی بەرەواجیش بۆ ئەودەم، زیاتر گەڕانەوەیە بۆ بەغدا و ڕازیبوونە بە تەواوی مەرجەکانی.

**پوختە: لە بەرامبەر ئەو سیناریۆیانە، پێویستە سەرکردایەتیی کورد دوو ڕەهەند بەرچاو بگرێ: کۆکردنەوەی ناوماڵی کوردی و ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ، تا دەکرێ نابێ هەرێم بچێتە ناو هیچ جەنگێکەوە تا گەرەنتییەکانی بۆ کورد بەڕوونی نەبێت.**

**لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی**

گەرچی لە ساڵی 2024 لە سەرتاسەری جیهان زیاتر لە 66 دەوڵەتدا هەڵبژاردن دەکرێ، دوور نییە ئاڕاستەی سیاسەتی نێودەوڵەتی ناسەقامگیری بەخۆیەوە ببینێ؛ بەڵام لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمەوە هەبێ، ئەوەیە کە هەمیشە بەرکەوتەی لەگەڵ دوو سیناریۆ و پێشهاتە دەبێ و لێی زەرەرمەندە، ئەوانیش:

- **قەیرانە نێودەوڵەتییەکان**؛ وەک: پەتا، تیرۆر، قەیرانی ئابووری و هتد. چونکە هەرێم نە ئابووریی سەربەخۆی ماوە، نە دەوڵەتیشە و نە لە عێراقیشەوە پشتیوانی و کۆمەکی دەکرێ؛ تەنانەت مووچەیشی نییە بیداتە فەرمانبەرانی.
- **کەمبوونەوەی کۆمەکی و پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ هەرێم**؛ بەتایبەت وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکا، کە ئەو دووانە پرسی کوردیان لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و نێودەوڵەتی بەزیندوویی

هێشتۆتەوە؛ چونکە یەکێک لە کۆڵەکە پتەوەکانی پرسی کورد لە عێراق، ئەو ڕایەڵە نێودەوڵەتییەیە کە تا ئێستا هەیەتی. بەڵام دەسەڵاتدارانی بەغدا لە دوای ڕووداوەکانی شازدەی ئۆکتۆبەرەوە لە هەوڵی نەهێشتنی ئەو ڕایەڵەیەن.

**پوختە: لەم قۆناغەدا هیچ جێگرەوەیەک بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا نییە، هەر بۆیە پێویستە ڕێککەوتن لەسەر بنەماکانی فیدراڵییەت لەپێشینەی ستراتیژییەتی حکوومەتی هەرێم بێت. بەردەوامبوونی جووڵەی دیپلۆماسی بۆ دەوڵەتانی ئەوروپا و ئەمریکا و، لەوێوە پەیامی ستەملێکراویی خەڵکی هەرێمیان پێ بگەیەندرێ و ئەوەیش ڕون بکرێتەوە کە ئەلتەرناتیڤی حکوومەتی هەرێم چییە و چەند مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان دروست دەکات.**